دانپێدانانی بەرفراوان بە فەلەستین و چارەسەری دوو دەوڵەتی لەبەردەم کەبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا



هەشتاهەمین کەبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە نیویۆرک بەڕێوەدەچێت، هەوەستی دیاری ژمارەیەک لە سەرکردەکانی جیهانی بەخۆوە بینی کە داننانی خێیان بە دەوڵەتی فەلەستین ڕاگەیاند، و جەختیان کردەوە کە چارەسەری دوو دەوڵەتی تەنیا ڕێگەیە بە بەدەستهێنانی ئاشتییەکی دادپەروەرانە و هەمیشەیی لە ناوچەکەدا.

سەرۆک وەزیرانی ئوستورالیا وتی کە منداڵانی فەلەستینی لە هاوکاری بەبەشن، و هەشداریی دا کە هێرشی لکاندنی بەشێک لە خاکی فەلەستینییەکان چارەسەری دوو دەوڵەتی دەخاتە مەترسییەوە.

جەختی لەسەر پێویستیی ڕێکخستنی هەبژاردنی دیموکراتی و چاکسازیی گشتگیر کردەوە، و دووپاتی کردەوە: "دەتوانین داهاتوویەک بۆ فەلەستینییەکان بنیاد بنێین ئێگەر پێکەوە کار بکەین، و پێویستمان بە پلانی ئاشتییەکی متمانەپێکراو هەیە."

لەلایەکی دیکەوە، سەرۆک وەزیرانی میسر جەختی کردەوە کە سەقامگیریی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نایەتە دی بەبێ چارەسەرێکی دادپەروەرانە کە ئاواتە ڕەواکانی گەلی فەلەستین بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ مسۆگەر بکات. ئاماژەی بەوەشدا کە ئاسایش بۆ ئیسرائیل لە ڕێگەی هێزی سەربازی و سەپاندنی واقیعێکی تەواوکراو بەدەست نایەت، لە هەمان کاتدا ئەوەی لە کەرتی غەززە ڕووەدات بە "فەکردن"

وەسف کرد، و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئاگربەست ئەرکە.

لە لای خۆیەوە، سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا داوای هاگرتنی دەستبەجێی کوشتن لە غەزە کرد، و دووپاتی کردەوە کە "برسێتی ژنان و منداڵان دەکوژێت."

وتی: "گەلی غەزە دەبێت بزانن کە جیهان لەبیریان ناکات." و داوای ئێندامێتیی تەواوی دەوڵەتی فەلەستینی لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد.

سەرۆک وەزیرانی کەنەدا، دانانی وەاتەکەی بە دەوڵەتی فەلەستین هاگێیاند، و ئاماژەی بەوەدا کە حکومەتی ناتانیاهۆ بە شێوەیەکی سیستەماتیک کار بۆ تێگریکردن لە دامەزراندنی ئیم دەوڵەتە دەکات و بەردەوام لە فراوانکردنی نیشتەجێبوون بە پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکان. جەختیشی کردەوە کە "هەموو حکومەتەکانی کەنەدا بە چەندین دەیە پابەندی چارەسەری دوو دەوڵەتی بوون."

لە هەمان چوارچێوەدا، سەرۆک وەزیرانی ئیرلەندا رایگەیاند ئەوەی کە فەلەستینییەکان لە غەزە ڕووبەڕووی دەبنەوە بە "قەکردن لە بڕچاوی جیهاندا" وەسف کرد، و بە "هەرشێک بە سەر هەموو مرۆڤایەتیی"ی دانا. هاوکات، بلجیکا، لوکسەمبۆرگ و ماڵتا چوونە پاڵ لیستی ئەو وەاتانەی کە دانانی فەرمیی خۆیان بە فەلەستین هاگێیاند، و پشتیوانی خۆیان بە مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئاگربەست لە غەزە دووپات کردەوە، و جەختیان لەوە کردەوە کە ئەم هەنگاوە لەپەناو پابەندبوون بە چارەسەری دوو دەوڵەتیی و پاداشتکردنی هیچ لایەنێک نییە.

هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی ئەوروپا و سەرۆکی کەمیسیۆنی ئەوروپی جەختیان لەسەر پێویستیی هاگرتنی نیشتەجێبوونی نایاسایی و زیادبوونی گرژیی سەربازییەکان لە غەزە و کەناری ڕۆژاوا کردەوە، و دەستپێشخەرییەکانیان بۆ پشتگیریکردنی ئاوەدانکردنەوەی کەرتەکە هاگێیاند، لەوانەش دامەزراندنی گرووپێکی بەخشندەی تایبەت بە فەلەستین.

لەلایەکی دیکەوە، وەزیری دەرەوەی ئیتالیا جەختی لەسەر ڕێتکردنەوەی وەاتەکەی بۆ ئاوارەکردنی فەلەستینییەکان کردەوە، و دووپاتی کردەوە کە "بارودۆخی غەزە کارەساتبارە"، و "ڕێگەی ئاشتی هەشتا گونجاوە." هەروەها پابەندیی ئیتالیای بۆ پشتگیریکردنی دەسەاتی فەلەستینی و کاری جددی بۆ بەدیهێنانی چارەسەری دوو دەوڵەتی هاگێیاند.

وەزیری دەرەوەی جەزائیریش جارێکی دیکە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە "کەدێنگیی نێودەوڵەتی لەسەر چارەسەری دوو دەوڵەتی تەنیا مسۆگەرییە بۆ چارەسەری کۆتایی ململانێکان"، و داوای هەنگاوی کردەیی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین کرد.